# لەگەڵ پێغەمبەر بووم-صلى الله عليه وسلم- گەیشتە لای شوێنی فڕێدانی خەش وخاڵی قەومێک ؛ بە پێوە میزی کرد،

له‌ حوزه‌یفه‌وه‌ -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لەگەڵ پێغەمبەر بووم-صلى الله عليه وسلم- گەیشتە لای شوێنی فڕێدانی خەش وخاڵی قەومێک ؛ بە پێوە میزی کرد، منیش هەندێ دوور کەوتمەوە، فەرمووی: «نزيك بەرەوە»، دەڵێت: منیش نزیك بوومەوە هەتاوەکو لەلای پاژنەی پێیەکانی وەستام، دەستنوێژی گرت ومەسحی کرد بە سەر خوفەکانی».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

حوزەیفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە ئەو لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بووە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ویستی میز بکات؛ چووە نێو زباڵەی فڕێدراوی خەڵكانێك، مەبەست لە (زباڵە) ئەو شوێنەیە كە پیسی وپاشماوەی شتەكان وخۆڵی فڕێدراوی ماڵەكانی تێدایە، ولەو شوێنەدا بە پێوە میزی كرد، وەزۆربەی جار بە دانیشتنەوە میزی دەركرد. حوزەیفە لێی دوور كەوتەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: نزیك بەرەوە، ئەویش نزیك بوویەوە هەتاوەكو لە پشتیەوە وەستا وئاوڕی بۆ لایەكەی تر دایەوە بەشێوەیەك سەیری نەدەكرد؛ هەروەها بۆئەوەی وەكو پەردەیەك بێت بۆی وسەیر نەكرێت لەو حاڵەتەدا. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستنوێژی گرت، لەكاتی شۆردنی پێیەكانی؛ تەنها خوفەكانی مەسحكرد -خوفەكان: لەپێ دەكرێن ولە پێست وشتی تر دروست دەكرێن، وقولەپێكان دادەپۆشن-، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خوفەكانی دانەكەند.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3075